مەسرور بارزانی: هەرەشەکەی سەر کونسوڵخانەی کوەیت لە بەسرە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە توندی سەرکۆنەی هەرەشەکەی سەر باڵەخانەی کونسوڵخانەی گشتیی کوەیتی لە شاری بەسرە کرد، ئەم کارەشی وەک پێشێلکارییەکی مەترسیداری یاسا نێودەوڵەتییەکان وەسف کرد.

چوارشەممە 8ی نیسانی 2026، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئێکس) پەیامێکی بڵاو کردووەتەوە و تێیدا نووسیویەتی: بە توندترین شێوە سەرکۆنەی هەرەشی سەر کونسوڵخانەی کوەیت لە بەسرە دەکەم، ئەم کارە تێکدەرانە پێشێلکردنی روونی یاسا نێودەوڵەتی و پەیماننامە دیپلۆماسییەکانە.

مەسرور بارزانی داواشی لە حکوومەتی فیدراڵ کرد، لێپێچینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی هەرەشەکە بکات و رێکاری جددی و کرداری بۆ دانانی ئاستێک بە کۆتاییهێنان بە هەرەشی سەر نێردە دیپلۆماسییەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق بگرێتەبەر.